# هاوسەنگی لە خواپەرستیدا

[ کردي – کوردی – kurdish ]

پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# التوازن في العبادة

« باللغة الكردية »


بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1435

IslamHouse.com

# هاوسەنگی لە خواپەرستیدا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ ۖ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ ۖ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ﴾ [القصص :٧٧ ] .

واتا: هەوڵبدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیووی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕەو بەشی خۆشت لە دنیادا بەحەڵاڵی فەرامۆش مەکە، چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە هەروەك خوا چاکەی هێناوەتە ڕێت، نەکەیت هەوڵی فەساد و گوناهو تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆشناوێت تۆی خراپە دەچێنن.

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ نَفَرًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) سَأَلُوا أَزْوَاجَ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) عَنْ عَمَلِهِ فِي السِّرِّ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا أَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا آكُلُ اللَّحْمَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا أَنَامُ عَلَى فِرَاشٍ. فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، فَقَالَ: (مَا بَالُ أَقْوَامٍ قَالُوا كَذَا وَكَذَا؟ لَكِنِّي أُصَلِّي وَأَنَامُ، وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي).[ بخارى/ النكاح / ٤٧٨٦ ] .

واتا: (أنس)(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لە بارەی کاری پەنامەکی پێغەمبەرەوە (صلى الله علیه وسلم) پرسیاریان لە هاوسەرەکانی کرد: یەکێکیان وتی: ئیدی من ژن ناهێنم، یەکێکی تریان وتی: منیش گۆشت ناخۆم، یەکێکی تریشیان وتی: منیش لە مەودوا لەسەرجێگە ناخەوم، [پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئەمەی بیستەوە] لە وەڵامیاندا سوپاس و ستایشی خوای کرد و فەرمووی: (ئەوە چیە هەندێ کەس وا دەڵێن و وادەڵێن؟ بەڵام من نوێژ دەکەم و دەشخەوم و ڕۆژو دەگرم و [هەندێ ڕۆژیش] دەیشکێنم، ژنیش دەهێنم، هەر کەسێکیش پشت لە سوونەتی من بکات لە من نیە، [واتە ڕێگەی منی بەتەواوی نەگرتووە].

**ڕاڤە:**

**یەکەم:** هاوەسەنگی ( التوازن ) بریتیە لە پێدانی مافی هەموو شتێك بە بێ زیاد وکەم کردن، وە لە ناسینی راستی شتەکان وسنوور وئامانج وسوودبەخشەکانی کە بریتیە لە لێزانین وحیکمەت پەیدا دەبێت.

**دووەم:** ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی وەسەتیەت و میانەرەوی وهاوسەنگیە، بە تەنها بانگەواز ناکات بۆ خۆتەرخانکردن بۆ پەرستش وزیادەڕەوی تێیدا، بەڵکو بانگەواز دەکات بۆ وەسەتیەت لە نێوان بەدستهێنانی دونیا ودوارۆژ.

**سێهەم:** ئەو کارانەی کەوا دەروون ڕادەکێشی بۆ لای خۆی پێنج شتن کە پێویستە هاوسەنگی ڕەوچاو بکرێت لە بەدەستهێنانیان، بۆ ئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریان زاڵ نەبێت:

١ - داواکردنی زانستی شەرعی.

٢ - زۆری پەرستش وعیبادەت.

٣ - بانگەوازکردن لە پێناو خوای گەورە.

٤ - تێکۆشان لە پێناو خوای گەورە.

٥ - بەدەستهێنانی سەروەت ومالی حەلاڵ.

**لە کۆتاییدا دەڵێم:** خوایە ئەی زانای نهێنی و ئاشکرا. بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی پەروەردگارو خاوەنی هەموو شتێك. شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لەتۆ. پەنا ئەگرم پێت لە خراپەی نەفسم و لە شەڕو خراپەو

هاوبەش دانانی شەیطان(یان داوەکانی). وە لەوەی کە بەنەفسم خراپەیەك ئەنجام بدەم یان خراپەیەك تووشی موسڵمانێك بکەم.